هـــەمـوو عـــالـەم دەیـــــــــــــزانێ

* * *

قەت نەبوو بڵێ دانشین تۆزێک بکەین را و تەگبیر
سەد نەفرەت لەو کەسە بێ دەست لە باڵات بکا گیر
جـا چـی بـوو مـاڵە بـابـم ئەتـۆ جحێـڵ و ئەمن پیر

* * *

ئـەو قـورعـانەی بتـگرێ هێنات لـێکت کـــردەوە
سـێ جـار دەسـت پـێدادا بۆ مزگـەوتـت بــردەوە
بـۆ خۆت کەیفم بـۆ دەکـەی بـەدەم ئـاخ و دەردەوە
دەسـتەو ئەژنـۆت دانـاوم بە هـەنـاسەی سـەردەوە

* * *

لانـــــک لانـــــک لانـــــــکۆڵێ
لانـــــک لـە دات هـەنـــــــــارێ
وەســـــتا بـێ لە تــــــــــارانێ
لانــکێ دروست کا بۆ چـاو جــــوانێ
دەڵـــێ لـە لانـــــکێدا نـانـــــووم
دەبـا بــۆی ســـازکەین جــــــۆلانێ
هەی رۆڵە سەر دڵ خڕ بی باب مردووبی
شـــەو درەنــــگە بۆ جــــێژوانێ
تـــــاوە رۆژی روونـــــــــاکە
هـەمـــوو عـــالـەم دەیـــــــــــزانێ

وشـەی (لانکـۆڵێ، لانکـۆڵە) هەردوو نـاوەکە، بچـووکراوەی نـاوی (لانـک) ن، لە زمانی کوردیدا دەوترێت (کیژ ـ کیژۆڵە، ناسـک ـ ناسکۆڵە، لانــک ـ لانکـۆڵە، بەرخ ـ بەرخـۆڵە) بچـووکردنـەوەی

# لای لایــە بەشێکە لە ئەدەبی منداڵان

(لامـارتین) دەڵێـت:"جـوانترین هـۆنــراوە لە سەرانـسەری جیهــاندا، لای لایــەی دایکــانە"دایکــانی بەسـۆز، هەمیشە هەوڵـــدەدەن، کە بە خۆشیـــیەوە کۆرپەکـــانیان بـــکەنە خـــەو، بە دەنگێکـــی ناســـک بە ئاوازێکی شیرین لای لایـە و لورین و گورگـانە شەوێیان بۆ دەڵـێن.

لای لایــە بەشــێکی گـــرنگە لە ئەدەبــی منــداڵان و لە کەلەپــووری فۆلکلـۆری هەر گـەلـێک. هەر گەلێکـیش تایبەتمەنـدی خۆی هـەیە، بەڵام هەمـوو دایکـان لە هـەموو جیهـاندا، لە سـۆز و خۆشەویستی و دڵــسۆزی و میهرەبانیـــدا وەکــوو یەک وان.. ئەم خۆشـەویــستی و سۆزەش ڕەمەکین لە لای دایکانی مـرۆڤ و لە لای دایکـانی هەموو گیانەوەرانی تـردا.

دایکــانی کــورد لە لای لایەکردنـــدا جیــاوازن، بەوە ناســـراون کە خاوەنی دەنگێکی ناسک و ئاوازێکی شیرینن. ئەمەش لەوەوە هاتووە کە دایکـــانی کوردمـــان زۆر بە ســـۆز و دلۆڤـــانن و خـــاوەنی خۆشـەویــستیی و هەســـتێکی قـــووڵن.. لای لایـــەی کوردیمـــان هەمەڕەنگــیە لە کوردســـتان دا، لە دیالـێکـتێکەوە بــۆ دیالـێکـتێکی تـری زمـانی کـوردی، لە دەڤـەرێکەوە بۆ دەڤەرێکی تـر، تا ڕادەیەک کەمێـک جیاوازییـان هـەیە، بەڵام لە نــاوەڕۆک و ســوود و مەبەستدا هەمــوو لای لایـــە و لـــورینە کوردییەکــان هاوبەشـــن. هەمووشــیان ڕەســـەنایەتی و مـــۆرک و شەقـــڵ و تایبەتمەنـــدی کـــوردی و کوردســتانییان پێــوە دیــارن، ئەم فــرە دیالێکتیــک و لـــق و بەشــە

# ئەو هونەرمەندە کوردانەی لای لایە و لانکۆڵێ یان وتووە

پێمان خۆشە ناوی ئەو هونەرمەندە گۆرانبێژانە و لایلایەبێژانەمان لەم پەرتووکەدا بنووسین، کە لای لایە و لورین و لانکۆڵێ یان بە دەنگ و بە ئاوازەوە بۆ منداڵان وتوون و تۆماریان کردوون. داوای لێبووردنیش لەو لایلایەبێژانە و لانکۆڵێ بێژانەش دەکەم، کە لای لایە و لورین و لانکۆڵێ یان وتوون و ناوەکانیان بەرچاوی ئێمە نەکەوتوون و ناوەکانیان لە نێو ئەم ناوانەدا نین.
ناوی لایلایەبێژان و لانکۆڵێ بێژان:

(محەمەد مامڵێ، مەزهەر خالقی، خەلیل سدیقی، ناسر رەزازی، حەسەن زیرەک، مەرزییە فەریقی، حەمە جەزا عەلی، بێژەن کامکار، سەحەر لوتفی، حیشمەتوڵڵا لوڕنەژاد، فەتانە وەلیدی، سەعید گاباری، حەمە حوسێن کێمنەیی، رەفیق چالاک، ئەیاز یوسف، دایکە دەوڵەت، گوڵسیڤین مەدار، لۆکە زاهیر، جەلال سەعید، تارا جاف، عەزیز مامڵێ، کامەران عومەر، محەمەد فەخری، سەحەر زێیایی، مەهدی عەباسی و مینا دەریس، لەیلا فەریقی، پشتیوان نەورۆڵی، پەروین شازادە، نوری باریکەیی، شەهرام نازری، کارین ـ پێلستانگ، سەیوان گاگڵی، کەیهان کەڵهوڕی، فەرزاد فەریدی،غەزەل مستەفا، شادی غولامی، سیما بینا، مەلا حوسێن عەبدوڵڵا زادە، موحسین لوڕستانی، شێنێ، مەهدی جوانڕۆیی، ئەمیر عەلی، دیمەن، عەلی محەممەد ئەرسەلان، کاروانی نەی، دەریا دادڤار، رەزا نەزەری، مەهدۆخت وەزیری، کامکار ئەمیری، زانا عەبدوڵڵا، پەری زەنگەنە، یوسف عەبدی حوسێن، ئیلیان

کـە پێگەیـشتی ئـەتـنـێـمە خـــــوێـنـدن
ئـەتـنـێـمە مەکتەب بـۆ تەحسـیل کـردن

ئەتـنـێمە مەکتەب قــەومی ئـەجــنـەبی
نەوەک بۆ کورسی و بۆ سەر مەنسەبی

نەکوو بخـوێنی تـۆیش وەک پێشوەکـان
بۆ کورسی و زیو و بۆ روتبە و نیـشان

بـە نـاوی کـوردە ۆ بگــەیتە کـورسی
قەومت زەبوونکەی لە قەیـد و حەپسی

بخـوێـنــە کــوڕم ئەمـــە غـایـــەت بـێ
بـەرزیی کوردستان بـەرزیی پایـەت بـێ

هــەی لایــە لایــە ســـەرتیـپ لای لایـە
خــوا شـــادمـانـت کـا بگــــەیتـە کـــایـە

## لای لایەی (حەبیـە خـان: ١٩٢٤ـ ١٩٧٧) کچی کەریم بەگی جاف

ئەم لای لایــە، لە دانــانی (حەبـیە خــان)ە، کە بــۆ (حەســەن)ی بــرا بچووکی (دکتۆر حەسەن جاف) نووسیوێتی، لە ساڵی (١٩٤٣) دا لە گۆڤـاری (گەلاوێـژ) دا، بە ناوی (لایـە لای) بـە نـاوی خــوازراوی (لـە کـەلارەوە ـ ژنــە جافـێک) بڵاوکـراوەتـەوە. بـە خوێندنـەوەی لایە لایەکەی بۆ تـان دەردەکەوێت، کە حەبیـە خــان، ژنــە کـوردێکی رۆشنـبیر و دڵسۆز و کورد و کوردستان پەروەر بووە. شاعیر بووە و شــــــارەزایی لە دانــــــــانی هـــــــــۆنراوەدا هەبـــــــــووە. بەڵام پێویـستە ئامــاژەش بەوە بــدەین، کە دەقــی ئەم هــۆنراوەیە لە

ـ فەخری) بە مامۆستا مەزهەر خالقی دا، لە پاداشتی ئەو هەموو خزمەتەی کە کردوویەتی. هەر ئەمساڵ (خەڵاتی ساڵانەی ئیبراهیم ئەحمەد ـ لە بواری هونەر) درایە مەزهەری خالقی. مامۆستا مەزهەر خالقی، شکۆی گۆرانی و ئاواز و موزیکی رەسەنی کوردی، شایەنی رێزلێنانێکی زیاتر و خەڵاتی گەورەترە.. بەڵام خۆشەویستیی گەلەکەی بۆی گەورەترین خەڵات و رێزلێنانە بۆی.

هیوای ئەوپەڕی تەندروستی و تەمەندرێژی و شادی و کامەرانیی بۆ دەخوازین.

هۆنراوە: فۆلکلۆری کوردی
ئاواز: فۆلکلۆری کوردی
رێککردنەوە و رێکخستنی: موجتەبا میرزادە

رۆڵەی خۆشەویست بینایی چاوم
هێزی ئەژنۆم و هیوای ژیانم
هەتا دێیتەوە هەر چاوەڕێتم
هەلۆرکی مناڵیت هەر رادەژێنم

* * *

لای لای نەمامی ژیانم
من وێنەی باخەوانم
بە دڵ چاودێریت دەکەم
بخەوە دەرنت لە گیانم

* * *

هەی لای لایە لایە لایە
کۆرپەی شیرینم لایە

یەکـــی شـــــیرینە و شـــــکەر زوانــــە
لاوە لاوەکــــــەم ئــەرا یــەی تـفــــڵی
شەمــــاڵ بشــەنی زەنجیـرەی زوڵــفی
ڕێـگەی کرماشـان فەرش کەم لە قـالی
ئـەرا کـوڕەکـــــەم تـــــازە ئیجـــباری
ماشـینێ هــاتییە وەرگـــەی ســـەوزە
کوڕەکـەم هـا لـە تێی ڕەیسی هـــەوزە
ڕێــگەی کرماشان بخـــەم لـە کونـــجی
کوڕەکـەم هــا ئـەورە سێـول نارنـــجی
ماشـینێ هـــاتییە پـــڕی قـرووشـــە
کوڕەکەم ها لە تێی مێخەک فـرووشـــە
هە مــاڵێ گیسکێ خـوەم تەنیـا گــورێ
وە نــەزری ئــەڵڵا کوڕەکـەم نەتـورێ
دارەگـــــەی وەرمـــــــڵ شــنە شـــنیە
خـوەزیمـە و کوڕەگەم وەختی ژنـــــیە
لاوە لاوەکـــــــەم بـــــــەر بـــــــارێ
خوەم پاخەسیور بووم دەزیـوران بـارێ
هــەی مـاڵەیلەگـان مـاڵتـــــان ئـــاوا
کێتان کـوڕەکـــەکەم کـــرین وە زاوا
لاوە لاوەکـــەم کـوڕەکـــەم پـا بــــگرێ
لە مـــاڵی خــاڵۆ یـەک یـەک لابـــگرێ
خاڵــۆ وە خــەڵات وە پـید بەی دیـۆتێ
داڵـــکە بێ خـــەڵات وە بـــاوان نیـەتێ
خاڵـۆژن ئـەدای ڕێشــیر لـید بـکەی
لاوە لاوەکـــــەم ئـــەڕا تـێ ئیـــــوشم
دەسـماڵ گـوڵ وەنـی کـڵاش ئـاورێـــشم

ئەسـیـر ئــــیـران وە روم سـەنــــەوە

* * *

کوڕەگـەم ها وەکـوڵ چـوارپەل بـــازەوە
تـریــگـەی تـەوڵــی تـێ لـە شـیـرازەوە

* * *

کوڕەگـــەم هــــاتـەوە لـە بـازرگـــانی
مـاڵ و مـین بیـەم گـشت وە مـزیــــانی

* * *

لاوە لاوەگـــــــەم بـــــود بـــــــاری
خوەم بوم وە پاوە و کوڕەگەم ژن باری

## لای لایەیەکی تری دایکانی کورد ـ لە کەڵهوڕ

ئـەرێ وەفیدای بـاڵات بـام ئـازیزم رۆژی  چـوار جـارە
ئـەرێ سـوبـح و نـیـمەڕۆ ئـازیزم عـەسـر و ئێـــوارە
لای لای لای لای کـیـژۆڵـــــەی چـــــاو کـەژاڵــــــم

* * *

ئـەرێ وەفـیـدای ماڵەکــــەی ئـازیزم پـای پەروات بـام
ئـەرێ وەفـیـدای دوو دیـــــدەی شـــووبی خـــودا بـام
لای لای لای لای کـیـژۆڵـــــەی چـــــاو کەژاڵــــــم

* * *

ئـەرێ ئەمشـەو چـەن شـەوە ئـازیزم دوور لە یـارانـم
ئـەرێ وەک باخچـەی بێ ئـاو ئـازیـزم تـشنەی وارانـم
لای لای لای لای کـیـژۆڵـــــەی چـــــاو کـەژاڵــــــم

د گــەل دیـــــــلا زوریامــە
ئـــــەز هێـــــــڤیا لاومــە
کـــــاری چـــابــە دوزامــە
ئــەز گـریــامە تۆ نـەگـری
مەزنـــــنبە بـۆ بـەرگـری
تـــۆلا بـاڤـــــاتی ڤەگری
* * *
ئـاخ بـوچـــــکرم زرمولا
مەحیام ژێر چەکمە و سۆلا
ئــەز بوومـــە وەکـی هـۆلا
چەرمی مـن بوو وەک زۆلا
تــۆ مـەزنــــــنبە بـۆ تـۆلا
هـەر وەکـی بە بـری چۆلا
کوتـــــکە ســەرێ زرمۆلا
ئـەز گـریــامە تـۆ نـەگـری
مەزنـــــنبە بۆ بـەرگـــری
تـــۆلا بـاڤـــــاتی ڤەگـــری

لای لایەیەکی دایکانی کورد ـ لە مەریوان

دایکێکی کورد لە مەریـوان لای لایـە بۆ کۆرپەکەی دەکات و نـزای ئــەوە دەکـات کە خـوا کۆرپـــەکەی لــێنەسێنێت و ئەوەی لە شــێوەی کۆرپـەکەی ئەوی نییە خوا بیـداتێ. لە نیوە دێـڕی شـەشەم و حەوتــەم دا دەمـان هێنـێتە پێکـەنـین:

دکتۆرە نەسرین فەخری لە پەرتووکی (یاری) لەو پێنج نیوە دێڕەی سەرەوەدا (نە)ی بە ئەرێنی نووسیوە، واتە لە جێی (نە)، (ب) ی ئەرێنیی داناوە، بەم جۆرە:

هەرکێ کورم بانگ بکا
خەلە لە خەرمان بکا
ساڵێ جارێ نان بکا
هەرکێ کورم بلاوێنێ
کەرێی بەهار بتاوێنێ

لای لایەکی تری ناوچەی سلێمانی، دەقی ئەم لای لایەم لە پەرتووکی (لایلایەی دایکانی کورد، کۆکردنەوەی: هاشم سەلیمی و عوسمان محەمەد هەورامی) وەرگرتووە:

لای لایەت بۆ دەکەم بە زمانی کوردی
خەوت لێکەوێت بە کامەرانی
دە لای لایە کۆرپەم لای لایە
یا خوا مەردانە بێیتە ناو کایە
شەوگاری درێژ هەر دەبڕێتەوە
باوکت لە سەفەر دەگەڕێتەوە
رۆڵەم لای لایە، دیدەم لای لایە
شەوگار درەنگە و رۆژی لە دوایە
یا خوا نەمری، نەبی بە داخم

هەفــت ژن ئــەڕاد بخـــــوازم
یەکـێ بەگـلــــەر بەگـــی بـــوو
یەکــێ هـــوومای پــەری بـــوو
یەکـــێ دڕێ لـە گــــــــووشێ
یەکـــێ مانـگـــــا بـــــــدووشێ
یەکـــێ نـــــــازار بـــــــاوان
یەکـــێ کـوورپـــــــە لـە داوان
یەکـــێ چــەرمێ دەس ئــەولس
یەکـــێ کـــــوور پـەتـــک رس

هــەر ئـــەم هۆنـراوەیــە بــە کەمــێک جیاوازییــەوە، بــە چەنــد دیـالـێکـتی تــری کــوردی وتـــراوە.. بــە (دیالـێکـتی کرمـــانجی باشوور) بـەم شـێـوەیـەیە:

خــــــودا بــــــدەی نیـــــــازم
حــەوت ژنــت بـۆ دەخــــــوازم
یـەکـێ رەشـی بــەر کـۆلــــــین
یـەکـێ تـیـــــکە هـەڵـخـــڵـین
یـەکـێ بـۆ مــــاچ و مـــووچێ
یـەکـێ بـۆرێـگـــەی کــووچێ
یـەکـێ بـۆ ســەر سەمـــــاوەر
یـەکـێ پشـت لـە میـــوان کەر
یەکـێکیش هـــەرا و هـۆکـــەر

هەر هەمان گۆرانی دایکانی کورد بۆ کوڕە کۆرپەکانیان، بەم جۆرەش دەیڵێنەوە:

رۆڵە بژیم بمێنم
حەوت ژنانت بۆ دێنم
یەکیان تورکی تەماشا
یەکیان کچی پاشا
یەکیان نەرمی نێو نوێنێ
یەکیان نان بتەپێنێ
یەکێ ئاوت بۆ بێنێ
یەکێ چێشتت بۆ لێنێ
یەکێ مشکە بژێنێ

کاتێکیش کە دایک مەمک بە کۆرپەکەی دەدات و هانی شیرخواردنی دەدات، دەڵێت:

خەپڵە خەپانی گردگە
دەم لە مەمانێ گردگە
خەپڵە خەپانی خۆمانە
نیەمەی وە دەس بێگانە

بەشێک لە گۆرانییەکانی دایکان، لە تایبەتمەندی و لە خەون و ئەندێشەی و لە جیهانی سادەی منداڵانەوە دوورن، بەڵام دایکانی کوردمان دانایانە و بە پێکانی دوو ئامانج کۆرپەکانیان پێیان لاوندوونەتەوە و کردوویانیانەتە خەو. لایەکی تریشەوە کوڵ و

خەوانــــدنی منــــداڵان، لە شـێوەی کــورتە چــیرۆکە هۆنـــراوەدا ریـزبـەنـدی کـراون.

تەنهــا بــۆ ئاماژەپێــدان، چەنــد نموونەیەکمــان لە لای لایـــە و لە گۆرانییەکــانی دایکــانی چەنــد گــەلێکی جیهــان بــۆ خەوانــدنی کۆرپەکانیــان بــۆم گوڵـبژێــرکردن، کە زۆربەیـانــم لە زمــانی ئینگـــلیزییەوە وەرم گـــێڕاون بـــۆ کــوردی، هەنـدێکیــشیان لە نـەرویجییەوە وەرم گێڕاون.

<u>لای لایـەیەکی ئەمریکی:</u>

بنـوە خۆشـــەویستەکەم بنـوە
بنـــوە و بحـــــــــسێوە
باڵـنـدەکـان لـە هێلانەکـانـیانـدا نـووسـتوون
کێڵـگە و بێسـتـان ئـارامـن
هـەنگیش بـە دەوری گـوڵـدا نـاخـولـێتەوە
ئەوەتا تـریفەی مانگ لە پەنجەرەکەوە دێت
گـوێ بـگـرە لـەوێ هـیچ دەنگـێک نـایات
هـیچ شـــتێکیش لـە مـــاڵـدا نـــــابـزوێت
مـشـکە بچکۆلەکانیش دوورن
سەرت بـکە سـەر ســـینگم
کۆرپـەکەم بنـوە و بحەسێـوە

<u>لای لایـەیەکی نـەرویـجی:</u>

کـۆرپـــــــەکەم بـە ئــارامی بنـــوە
دایکـــت گـڵـــۆڵە شــــینەکە بـادەدات
باوکـت شەنـەبـای گەنمـــەکە دەکـات

## لای لایـەیەکی تـری ئیسـپانی:

باڵــنـده بچکــۆلـەکە
تۆ لە رۆخی دەریاچە رووونەکەدا دەخوێنـیت
کۆرپـــەکەم لـە لانــک دایە هەڵێ نەسێنـیت
دەی بێـدەنــــگ بـە ، لای لایــە ، لای لایــە
دەی بێـدەنــــگ بـە ، لای لایــە ، لای لایــە
بــڕۆ بنـــوە ئەســتێـرە بچکــــــۆلەکەم
ئەســـتـێـرە بچکــــکۆلەکەی بـەری بەیــان
باڵــنـده بچکــۆلـەکە
تـۆ لـە بەهـــــارێکی خۆشـــدا دەخـــوێنیت
بێـدەنـــگ بـە ، کۆرپـــەکەم هـەڵـنەسێـنیت
دەی بێدەنــگ بـە ، لای لایــە ، لای لایــە
دەی بێدەنــگ بـە ، لای لایــە ، لای لایــە
بــڕۆ بنـــوە ئەســتێـرە بچـکــــۆلـەکـەم
ئەســـتـێـرە بچکـــۆلەکـەی بـەری بەیـــان
لای لایـــە ، بێـــدەنــــــگ ، لای لایـــە
کورپەکەم خەوتووە و چاوەکانی کراونەتەوە
هـەر وەکو چـــــاوەکـانی کەروێشــــــک
دەی بێدەنــــگ بـە ، لای لایـــە لای لایـــە
دەی بێدەنــــگ بـە ، لای لایـــە لای لایـــە
بــڕۆ بنـــوە ئەســـتێـرە بچــــــۆلـەکـەم
ئەســـتێـرە بچکـــۆلـەکـەی بـەری بەیـــان

## لای لایـەیەکی فـارسی (لالا ، لالا)

لای لایــە کۆرپـــەکەم لای لایــە
کۆرپـەکەم لای پەنجـەرەکە دایـە

باوکت چـــــووه راوبــــــكات
دايكت چـــــووه کاربــــــكات
بنـــوه کۆرپــــــــەلەکەی دايــە
کۆرپــــــەکەم لـە لانــــــک دايــە
لانـکی لە زێــڕ دروسـت کــــراوه
بـە مــــرواريـش رازێنــــــــراوه
لای لایـــە کۆرپـــەکەم لای لایــە

## لای لایـەیەکی رووسی (لـوولی.. لـوولی)

لـوولــی.. لـوولــی.. لـوولــینکی
لای لایــە.. لای لایــە.. لای لایــە
کــوڕه بچــکـۆلەم خــەوی نایــە
لە کــوێی کوتــره بچـــــکـۆلەکەم
وەره لەسەر جێگــاکەی بنیشەوه
بۆ کوڕه بچــــکۆلەکەم بخــــوێنە
وەره کـۆتــره بچــــــــــکـۆلەکەم
لــەوێ لـە لای ســەری دابنـيشـە
وی وی بنـوه کـوڕه بچــکـۆلەکەم

## لای لایـەیەکی تـری رووسی:

پــش ، پشـــیلە ، بچکـــۆلـەکە
کەمێک کـلکە بـۆرەکـەت بلەقێنە
وەره شــەو لــێره بمێــــــنەوه
کۆرپــە بچــکـۆلـەکەم رازێــــــنە

